کوردستان... نمرەی خوێندکارانی پۆلە ناکۆتاکان بڵاوکرایەوە

ئەمڕۆ شەممە، وەزارەتی پەروەردە ئەنجامی کۆتایی تاقیکردنەوەی خوێندکارانی پۆلە ناکۆتاکانی هەرێم بڵاوکردەوە"،ئاماژەی بەوەشکرد، لە ئەپلیکەیشتنی ئی-هەڵسەنگاندن بەردەستە.

وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بڵاویکردەوە، نمرەی سەرجەم خوێندکارانی پۆلە ناکۆتاکان (قوتابخانە حکومییەکان) ئێستا لە ئەپڵیکەیشنی (ئی – هەڵسەنگاندن) بەردەستە.

دەشڵێت، زیاتر لە یەک ملیۆن و 300 هەزار خوێندکاری پۆلە ناکۆتاکان (پۆلی 4ی بنەڕەتی تا 11ی ئامادەیی) دەتوانن ئەنجامی کۆتایی وەرزی دووەم (خولی یەکەم) وەربگرنەوە.

داواشدەکات، بە وریایی و دڵنیایی کۆدی بەکارهێنەر و وشەی نهێنی بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی بە دروستی ئەنجامەکان وەربگیرێنەوە.